شەوی ٢٥ی گەلاوێژی ٢٠٠٦

# پەشیمانم، پەشیمانم، پەشیمان...

## فەلەکەدین کاکەیی

پەشیمانی، چ سوود!
دەڵێن: زەرەر لە نیوەش بگەڕێتەوە، باشە!
ئایا نیوەی پەشیمانی کامەیە، تا وەری بگرینەوە؟
ئیمشەو لەگەڵ خۆمدا دەدوێم...قسەی ڕاستانە.
خوایە! بە چ گوناهێکا گلۆر بوومەتەوە؟
ئازاری ویژدان دۆزەخترین سزایە،
ئینسان ئەندێشەیە.
ئەندێشەش لە ویژدان ئاو دەخواتەوە.
بەهەشت، ویژدانی ئاسوودەیە. دۆزەخ ویژدانی نا ئارام و ئۆقرە نەگرتووە.
کەس نییە، ئەگەر خۆی بدوێنێ و، لەگەڵ خۆیا ڕاستگۆبێ، نەزانێ ئایا بە ویژدان ژیاوە، یا بەبێ ویژدان.

**پەشیمانم، پەشیمانم، پەشیمان...**

لێ پەشیمانی، دوای چی؟
پەشیمانم لەوەی دەنگم بە فیدرالیزم دا، ئەم ناوونیشانەی کەوام دەزانی ڕێچکەیەکی باشی ئاواتی گەورەترە.
پەشیمانم لەوەی دەنگم بە دەستووری هەمیشەیی دا، کە بوو بە تەوقێکی دیکە چووە ملم.
پەشیمانم لەو بڕە هەوڵدانەی «بەش بە توانای خۆم» لەو پێناوانەدا بە خەرجم داوە، چونکە ئەو ئەنجامە قەت و قەت بارتەقای مافی سروشتیی ئەم میللەتە نییە، کە هەزاران جار دەستی بە زاخا چووە، یا بە زاخا کراوە!
پەروەردگار..! چیم بە خۆم کرد، لە چ لیتاوێک چەقیوم.
بۆچی تەنیا ئیمشەو.... ئا ئیمشەو، ئەو زەنگە نهێنییە سەرم لێدەداتەوە و، لە خەونی غەفڵەت ڕامدەچڵەکێنێ، دوای هەزار و چوارسەدساڵ دێمەوە هەمان تەوقی حوکمی عەرەبی دەخەمەوە ملی خۆم، خوایە... ئەو تەوقەم کەی لە مل دەبێتەوە؟! چ تورک بن، چ عەجەم، چ عەرەب، هەر هەمان کۆتی فەرمانڕەوایی عەرەبییە، هەرجارێک بەناوێک دەگەڕێتەوە.
لەوەتی حوکمی عەرەبی، بەناوی خوا پەرستییەوە سایەی بە سەرمدا داوە، ویژدانی تاساندووم،



خۆ بەر لەوەش خوا پەرست بووم، یەزدان پەرست، پەروەدگاری جوانی هەموو گەردوونەکانم دەناسی، تەنیا ناوی لەسەر زمانم گۆڕاوە.
دەرمانی دەردی من نە فیدرالییە، نە دەستوورە، بەڵکو ڕزگاریی ویژدان و هۆش و دیتنمە... چونکە دەزانم ئەو دەستوورە جێبەجێ نابێ، ئەگەر بوو ئەوە تۆزێکی دەگرنە بەر تا ئەو کاتەی بمبەنەوە قەفەزەکە.
ئەوەتا چوار دەوریان داوین بمانخەنە قەفەزەکەوە.
یەزدان! ببەخشە تووشی چ گوناهێک بوومەوە.

**پەشیمانم، پەشیمانم، پەشیمان...**

ئارامبەخشی دڵ و ویژدانم تەنیا دادە، دادی گەیاندنی سەدام و ڕەفیقەکانی بە دادگا، بۆ پرسینەوە لە خوێن و فرمێسک و هاواری کەسانی بێکەسی ئەم نیشتمانە کە ستەمکارانە زیندوو بە چاڵ بوون..
بڕێک ویژدانی خۆم بەوە ئارام دەکەمەوە کە هەوڵ و خەباتمان، هیچ نەبێ لە بواری مل کەچکردنی ئەژدیهای دلڕەشی بەغدا و، ڕاکێشانی بۆ قەفەزی دادگادا، سەرکەوتین، ئەو دادگەرییە، بڕێک ویژدان دەحەسێنێتەوە.
ئەوەی لێدەرچێت، دەسکەوتەکەمان ئەوەندە بچووکە جێگەی شەرمە بۆ گیانی قوربانیانی ستەم و زۆرداری بیگێڕینەوە.
ئەفسووس! کە هێشتاش بە دەستی بەتاڵەوە دەچین بە پیری گیانی قوربانییە بێ تاوان و بێکەس کوژەکانەوە.
خوایە، چیم بە خۆم کردووە؟ بۆچی دووچاری ئەم گوناهەش بوومەوە
پەشیمانی،چ سوود!
من، باوەڕم، کەس نەمردووە، گیان، ئەو وزە ڕۆشن و ئاسوودەیە، کە ئەبەد نافەوتێ، ون نابێ، ئەوان زیندوون و، منم کە مردوو ویژدان، مردوو هەست و، بەتاڵ لەو وزەیە... مەگەر هەندێ جار سروەی گیانی ئەوان بە ڕوومەتما بدا و یا گوڵاوی بەهەشتاوییان بە دەماخما بێ، وەختێک بارانی پاییز خاکی سەر سنگیان ئاوڕشێن دەکا، بۆنی سەرمەستکەری ئەو خاکەیە کە تۆزێک وزەی ژیانم بە بەرا دێنێ.
جیهان، گەردوون، سەراسەری گەردوون و بوونەوەرەکانی هەر وزە و تیشکە، وزە و تیشکە، ڕووناکییە .
دۆزەخی ویژدانم لە کامەرانیی ئەو ڕووناکییەی بێ بەشی کردووم.
منی، کە بەشی خۆم و بەشی خەڵکم بە فیرۆ داوە، لەو چارەکە سەدەیەی کە لە بەرمان ماوە، تۆ بڵێی لەو پەشیمانییە ببمەوە؟
منم، هیچ...هیچنامە بە لێواری هیچ گەیشتوو، مەگەر هەر بە گوێی گەردوونا بدەم.

**پەشیمانم، پەشیمانم....پەشیمان**

مەگەر هیچنامە بڵێمەوە،
گوناکارم...پەشیمانم.